حکومەتی هەرێمی کوردستان –عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر
گۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی

# سەرسامبوونی گەنجان بە کلتوری بێگانە
# کلتوری تورکیا بە نمونە
# توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر

پرۆژەی دەرچوون

پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی کراوە وەک بەشێک لە پێویستیەکانی بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی کۆمەڵناسی

ئامادە کراوە لە لایەن قوتابیان
رویده یعقوب صالح و نیان یاسین عەزیز

بەسەرپەرشتی :
پرۆفیسۆر دکتۆر محمد حسین محمد شوانی

٢٠٢٣-٢٠٢٤

ئایەتێک:

**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ**

الحجرات ١٣

## سوپاس و پێزانین

سەرەتا زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە کە تەمەنی پێ بەخشین و گەیشتینە قۆناغی کۆتایی خوێندنمان ، دوواتر سوپاسی دایک و باوک و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەمان دەکەین کە هاوکار و پشتیوانمان بوون لە ژیاندا ، زۆر سوپاسی مامۆستای سەرپەرشتیارمان (دکتۆر محمد شوانی) دەکەین کە رێپیشاندەرمان بوو لە توێژینەوەکەمان ...

## پێڕستی بابەتەکان

| لاپەرە | ناونیشان |
| --- | --- |
| أ | ناونیشانی توێژینەوەکە |
| ب | ئایەتێک |
| ج | سوپاس و پێزانین |
| د | پێرستی بابەتەکان |
| ١ | پێشەکی |
| ٢ | بەشی یەکەم: رەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان: |
| ٢ | باسی یەکەم: رەهەندەکانی توێژینەوەکە |
| ٢ | گرفتی توێژینەوەکە |
| ٣ | گرنگی توێژینەوەکە |
| ٣ | ئامانجەکانی توێژینەوەکە- |
| ٤ | هۆکارەکانی هەلبژاردنی ئەم بابەتە |
| ٥ | باسی دووەم: پێناسەی چەمکەکان |
| ٦ | گەنج |
| ٧ | کلتور |
| ٨ | بێگانە |
| ٩ | بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو |
| ١٠ | باسی یەکەم: توێژینەوە کوردییەکان |
| | باسی دووەم :توێژینەوە عەرەبییەک |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |


پێشەکی

گەنجان ئەو توێژەن کە کاریگەریەکی زۆریان هەیە لەسەر کۆمەڵگا،لەرووی داهێنان و بەرەوپێشچوون لەهەموولایەنەکانی ژیان،هەروەها زیاترینیش دەکەونە ژێرکاریگەری گۆڕانکاری وپێشهاتەکان،بەتایبەت کلتور،کە بابەتێکی گرنگ و کاریگەرە لەسەر تاکەکان و توێژی گەنجان بەتایبەت،هەروەک لەئێستادا دەبینین بەهۆی جیهانگیری و هەنگاونانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان بەرەو مۆدێرنیتەبوون،کاریگەری بەرچاوی خستۆتە سەر تاکەکان بەگشتی و توێژی گەنجان بەتایبەتی،بەوپێیەی کەهەرێمی کوردستان زیاتر تاکەکانی بەکاربەرن، بۆیە لەرووی بازرگانیەوە پشت دەبەستێت بەبەرهەمی وڵاتانی بێگانە،بەتایبەتیش ئەووڵاتانەی کەهاوسنورن،زیاترڕۆڵیان هەیە بۆکاریگەر خستنە سەر گەنجان،هەروەک دەزانین هاتنی کەسانی بیانی ڕۆژ ڕوو لەدوای ڕۆژ لەزیادبوونە کە ڕوو لەهەرێمی کوردستان دەکەن،لەوانەش هاوڵاتی تورکی ،ئەمەش وادەکات هەریەک لەمان وردە کلتورێک لەگەڵ خۆیان بهێنن، دواجار بمانەوێ یاخود نا گەنجەکانمان دەبنە شوێنکەوتەی یاخود هەڵگری کلتوری ئەوان، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕەنگدەداتەوە لەشێوازی ڕەفتارو گفتوگۆ و جل و بەرگ..هتد، بێگومان ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لەپەخش کردنی دراما تورکییەکان، کەلەرێگایانەوە گەنجان هەڵدەستن بە لاساییکردنەوەی هەمان کلتور و داب و نەریتەکانی ئەوان، ئەم گۆڕانکاریانەش بەم ساڵانەی دوایی بەشێوەیەکی ڕوون هەستپێکراوە.

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (سەرسامبوونی گەنجان بە کلتوری بیانی - توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر) لە دوو تەوەرو لە پێنج بەش پێکهاتوە، لە تەوەری یەکەم کە تەوەری تیۆریە و سێ بەش لە خۆ دەگرێت ، بەبەشی یەکەمی بە ناونیشانی رەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکانە، لە باسی یەکەمدا گرفتی توێژینەوەکە و

گرنگی توێژینەوەکە وئامانجەکانی توێژینەوەکە وهۆکارەکانی هەلبژاردنی ئەم بابەتە خراوەتە روو ، لە باسی دووەمیشدا پێناسەی چەمکەکانی تویژینەوەکە کراوە کە بریتین لە گەنج و کلتورو بیانی ، لە بەشی دووەمدا، توێژینەوەکانی پیشووتر حراوەتە روو ، بەشی سێیەمیش بۆ بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بە ناونیشانی گەنج و کلتوری گۆمەڵگا ......

## بەشی یەکەم: رەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان:

باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە
گرفتی توێژینەوەکە
گرنگی توێژینەوەکە
ئامانجەکانی توێژینەوەکە-
هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

باسی دووەم: پێناسەی چەمکەکان

گەنج
کلتور
بێگانە

**باسی یەکەم: رەهەندەکانی توێژینەوەکە**

**١-گرفتی توێژینەوەکە:**

هەرتوێژینەوەیەک بە گرفتێک دەست پێدەکات،واتەدەستنیشانکردنی گرفتی توێژینەوە یەکەم هەنگاوی دەستکردنە بەپرۆسەی توێژینەوە، پرسی بڵاوبوونەوە و زاڵبوونی کلتوری بێگانەش یەکێکە لەپرسە گرنگەکانی هەر کۆمەڵگایەک،شایەنی تێرامان و تێفکرینە ،بەتایبەت کۆمەڵگای کوردی،کەواتە دەمانەوێ تیشک بخەینەسەر ئەوەی کەوا ئەو فاکتەرانە چین کاریگەریان هەیە لەسەر هزری گەنجی کورد بۆ سەرسامبوون بە کلتوری بێگانە؟

چی وادەکات ئەوەندە سەرسامبن بە کلتوری بێگانە؟

**٢-گرنگی توێژینەوەکە**

هەرتوێژینەوەیەکی زانستی گرنگی و بایەخی تایبەت بەخۆی هەیە،گرنگی ئەم توێژینەوەیەش ئەمەیە کە جەخت لەسەر پرسێکی گرنگی ناو کۆمەڵگا دەکات، ئەویش زاڵبوون یاخود باوبوونی کلتوری بێگانە لەسەر هزرو بیری گەنجان،هەروەها شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی هەموو ئەو فاکتەر و دەرئەنجامانە دەستمان دەکەون ،لەمیانەی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پشتراستکراو سەبارەت بەم بابەتە،ئەویش بەپشت بەستن بەو سەرچاوانەی ئاماژەیان بەم بابەتە داوە.

**٣-ئامانجی توێژینەوەکە**

زانینی ئەو فاکتەرانەی پاڵنەرن بۆ سەرسامبوونی گەنجان بە کلتوری بێگانە و زاڵبوونی ئەم بیرۆکەیە بەسەر تەواوی ژیانیان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان.

شیکردنەوەو دەرخستنی ڕێژەی ئەو گەنجانەی بەهۆکاری سەرسامبوونیان بە کلتوری بێگانە کۆچ دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات

**٤-هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە**

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەهۆی بەجیهانیبوونەوە،وایکردووە دەستگەیشتنمان بەهەموو شتێک ئاسان بێ ،پرۆسەی بەجیهانیبوونی کلتور و هاتنە ناوەوەی بۆ وڵاتان لەڕێگای چەندین بواری جیاوازەوە و زاڵبوونی بەسەر کلتوری ڕەسەنی کۆمەڵگاکە ،بابەتێکی هەستیارو فرەلایەنە، هەروەک دەزانین لەم ماوانەی دوایی چەندین کلتوری جیاوازی وڵاتانی تر بڵاوبۆتەوەو زاڵبووە بەسەر گشت چینەکانی کۆمەڵگا ، تایبەت چینی گەنج ، ئەمەش دەرهاوێشتەی ئەرێنی نەرێنی هەبووە، بۆیە لەڕێگای ئەم توێژینەوەیە دەمانەوێ تیشک بخەینە سەر هەموو ئەو بوارو لایەنانەی کەوا هۆکارن بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەو چەسپاندنی کلتوری بێگانە لەناو چینی گەنجی کورد، هەروەها زانینی ئەو کاریگەریە ئەرێنی و نەرێنیانەی خستویەتیە سەر کایەکانی ژیانی گەنجانی کۆمەڵگای کوردی.

**باسی دووەم: پێناسەی چەمکەکان:**

**١-گەنج :(youth)**

لەڕووی چەمکەوە، پسپۆڕانی کۆمەڵناسی کۆک و تەبانین لەسەر یەک پێناسەی دیاریکراو بۆ گەنجان ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری جیاواز، کە زەحمەتە قوناغی سەرەتا و کۆتایی تەمەنی گەنجی دیاریبکرێت چونکە لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی تر، لەڕەگەزێکەوە بۆ ڕەگەزێکی تر، لە کلتورێک بۆ کلتورێکی تر جیاوازە.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە گەنج توێژێکی چالاک و نوێخوازە، لە ڕووی بایۆلۆژیشەوە بەخاوەنی توانا و جەستەیەکی تەندروست و جوڵە و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دادەنرێت، لە ناو کۆمەڵگادا ئەرک و بەرپرسیاریەتی گەورەی لەسەر شانە(وسوقی و خەڵق،٢٠١٣، ٨)

بەگوێرەی پێناسەیەکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئێستا لەجیهاندا نزیکەی یەک ملیار کەس گەنجن و تەمەنیان لەنێوان ١٥ساڵی و ٢٤ ساڵی دایە،کەنزیکەی لە ١٨-١٧٪ ڕێژەی دانیشتوانی زەوی پێکدەهێنن ،یان زیاتر لە شەش یەکی دانیشتوانی سەر زەوی. کە واهەڵدەسەنگێنرێت قەبارەی گەنجان و لەنێوان ساڵی ١٩٩٥ بۆ ٢٠٠٠ بە ڕێژەیەکی ئەوتۆ زیادی کردووە کە نیوەی تێپەڕاندووە واتە نزیکەی (٧,٠٪ ) دانیشتوان پێکدێنن (تەلعەت،٢٠٠٦، ١٣)

گەنجێتی قۆناغێکی تەمەنە لەنێوان قۆناغی هەرزەکاری و پێگەیشتندا.بەبۆچوونی دکتۆر(سەعد جلال)ش ئەم قۆناغە بۆ قۆناغی گەنجێتی بەرایی(الفتوه)،بەواتای لەتەمەنی خۆناسینەوە تا(٢١)ساڵی،قۆناغی گەنجێتی دووەم و کۆتایی،کەلەتەمەنی(٢١)تا(٣٠)ساڵی درێژە دەکێشێ، دابەش دەبێت(عبدالله، ٢٠١٠،٨)

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانە دەتوانین پێناسەی (گەنج) بەوە بکەین کە بریتییە لەو توێژەی بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، توێژیکی فراوانی کۆمەڵگایە گەنج لەهەموو توێژەکانیتری کومەڵگا زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆرانکاریەکان، لەکومەڵگا بەتایبەتی گۆڕانی کلتوری و نوێگەری لەکومەڵگادا ،گەنج لەتەمەنی (١٨-٣٠) ساڵی خاوەن وزە و توانستی ژیریی و جەستەیی بەهێزە لەناو کۆمەڵگا.

**٢-کلتور :(culture)**

چەمکی"کلتور" لەزمانی عەرەبیدا واتای گەران وکنەکردن و دەستراگەیشتنی ماف و دادپەروەری و چاکە و هەموو ئەو بەهایانە دەگەیەنێت کە بوونی مرۆڤ خراپ دەکەن، هەموو بەهاکانیش نا،بەڵکو بەها باشەکان،واتە ئەوەی هەڵگری بەهایەک بێت دوور لەرەگ و ڕیشەی کلتورە ڕاستەقینەکەی خۆی،ئەوە کلتورنیە،بەڵکو داگیرکاری و خۆ فریودانە لەنێو کلتوری ئەوانی تردا(زەنگەنە،٢٠١١، ١١).

وشەی کلتور لەوە هاتووە کەپێشتر لای ئێمە وەکو ڕۆشنبیری لێکدراوەتەوە.بەڵام لەگەوهەردا سنوور و مەودای ئەم وشەیە لەوە فراوانترە سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیری وزمان و داب و نەریە و ئاین و پانتایی وەعی و لاوەعی و کەش و تەقسە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان و فیکرو ئەدەب و هوونەر و مێژوو...دەگرێتەوە بەمانایەکی تر مەبەست لە کلتور بواری شارستانی و ئامادەبوونی ماددی و مەعنەوی (کۆمەڵگایە(قەرەداغی، ٢٠٠٧،٩).

بەگشتی کلتور بریتیە لە سیستمێک لەبیر و باوەڕ،بەهاکان،دابونەریت و ئەوڕەفتارانەی کەئەندامانی هەر کۆمەڵگایەک جێ بەجێی دەکەن و هۆکاری گونجاندنە لەگەڵ ژینگەی دەورووبەر و بەهۆی فێربوونەوە لەنەوەیەک بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە،کلتور بەهۆی سیستمێکی پەیوەندی هێمایی کەئەویش زمانە دەگوازرێتەوە.هەروەها کلتور واتە شێوازی ژیان ،هەرنەتەوەیەک شێوازی تایبەتی ژیانی خۆی هەیە کە جیایە لەشێوازی ژیانی نەتەوەکانیتر،کلتور هەمیشە نەتەوەییە و نیشانە ،ماکێکی گرنگی نەتەوەیە(حسین، ٢٠١٤،٢٥).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەدا دەتوانین پێناسەی (کلتور) بەوە بکەین کە بریتییە لەکۆی دەستکەوتی ماددی و نامادی مرۆڤ،پێکدیت لە،بەها ،داب و نەریت،بیروباوەر ،هونەر،یاسا،رەوشت ،ئەدەب ،هەموو توخمە ماددی و نا ماددیەکانی ناو کومەڵگا و ژیانی تاك پێکدەهێنێت ،لەهەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤ بوونی هەیە ، ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر بیرو باوەڕو ڕەفتار و کەسایەتی تاك لەکومەڵگادا.

**٣-بێگانە: (foreigner)**

کەسێکە کە لە وڵاتێکەوە هاتووە بۆ وڵاتێکی تر، سەر بە هیچ شوێنیک و گرووپێک دیاریکراوی ئەو وڵاتە نیە کە بۆی هاتووە ، (arndt ٢٠١٥، ١)

بە گشتی ناوەڕۆکی بیانی کەسێکی ئاسایی یە، هاوڵاتی ئەو وڵاتە نیە کە تیایدا دەژیت، وە ئەوەبابەتی کەسی بیانی و ڕەگەزنامەیی و ناسنامەیی نایگرێتەوە، وە هەر بابەتێک پەیوەست بێت بە ڕێکاری یاساییەکانی ئەو وڵاتە لەسەری جێ بە جێ نابێت و دەوەستێت ((الجمعیة العام للأمم المتحدة،٢٨ :٢٠٠٦).)

کەسێکە لە وڵاتێکی دیکەوە هاتووە و نامۆیە بە کلتوری ئەم شوێنەی بۆی هاتووە، ، کەسێک کە زمان و کلتوری جیاوازە لە گەڵ زمان و کلتوری ئەو شوێنەی تێدا دەژێت.(Oxford dictionaries, ٢٠١٥ )

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەدا دەتوانین پێناسەی(بیگانە) بەوە بکەین کە بریتییە لەهەر تاکێك کە خەڵکی ئەو وڵاتە نەبێت و خاوەن کلتور،بەها،داب و نەریتی جیاواز بێت، جا دەکریت ئەو بێگانەیە بەرێگای کۆچ کردن هاتبێتە ناو ئەو وڵاتە ،یاخود لەرێگای گەشت و گوزار یاخود بە هۆکاری بازرگانی، ئەمانە هەمووی دەبنە هۆکاری ئەوەی کەوا کلتوری جیاواز و داب و نەریتی جیاواز لەگەڵ خۆیان بهێننە ناو کومەڵگا و ببنە هۆکاری ئەوەی گۆران لە کۆمەڵگای بۆ هاتوو ڕووبدات، چ لە ڕووی ڕەفتار چ لە ڕووی جل و بەرگ، خواردن، هەموو توخمە کلتوریەکانی دیکە .

## بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

باسی یەکەم: توێژینەوە کوردییەکان

باسی دووەم :توێژینەوە عەرەبییەکان

**باسی یەکەم: توێژینەوە کوردییەکان**

**یەکەم -توێژینەوەیەک بەناونیشانی**( ڕۆڵی نوێبوونەوە لەگۆڕانکاری کلتوری لاوان) لەلایەن لەیلا ئەمیر عاس عزیز، لەساڵی (٢٠٠٧ ) ئەنجامدراوە، وەک بەشێک لەپێویستییەکانی بەدەستهێنانی بروانامەی ماستەر ،پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیات-زانکۆی سەلاحەدین کراوە،ئەم توێژینەوەیە لەشاری هەولێر ئەنجامدراوە،کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیبووە لە گەنجانی شاری هەولێر ،نموونەکە بریتیبووە لە هەڕەمەکی چینایەتی ،گرفتی توێژینەوەکە بریتیبووە لەوەی ئایا کاریگەری نوێبوونەوە لەسەر لاوان لەچ ئاستێک دایە،ئەو نوێبوونەوەیە زیاتر کاریکردۆتە سەر چ لایەنێک،ئایا تەنیا گۆڕانەکە لەڕواڵەتدا هەستی پێدەکرێت یاخود تێگەشتن و بووچوونی لاوانیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبووە لە شیکردنەوەی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگای کوردی لەو قۆناغە و کاریگەری لەسەر کلتور و لەدواییدا ڕادەی کاریگەری لەسەر لاوان ،

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە،لەڕێگای فۆڕمی ڕاپرسی زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە،

توێژینەوەکە بەم ئەنجامەی خوارەوە گەیشتووە

١-دەرخستنی ئەو خەسڵەتانەی پەیوەندی بەلایەنە کۆمەڵایەتیەکانی نوێبوونەوە هەیە،دەرکەوت لایەنی ماددی کلتور گۆڕانی خێراترە بەڵام لایەنی ناماددی کلتور کەمتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە

٢- نوێبوونەوە لەکۆمەڵگای کوردیدا بەڕێژەی جیاواز ڕوویداوە

٣- گۆڕانی بەرچاو ڕوویداوە لەئامرازەکانی پەیوەندیکردندا کە کاریگەری لەسەر نوێبوونەوە و لایەنی ماددی کلتور هەبووە،ئەم توێژینەوە لەڕووی ئامانج و گرفتی توێژینەوەکەی لە توێژینەوەکەی ئێمە نزیکە،چونکە باس لە پرۆسەی نوێبوونەوە و گۆڕانی کلتور دەکا لە کۆمەڵگای کوردیدا بەتایبەت لەلای چینی گەنج

**دووەم -توێژینەوەیەک بە ناونیشانی** (ڕۆڵی جیهانگیری لە گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن گەنجانی زانکۆ)لەلایەن برفان حمدی .٢ حسین،لەساڵی ٢٠٠٦ ئەنجامدراوە،وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بروانامەی ماستەر ،پێشکەش کۆلێژی ئەدەبیات-زانکۆی سەلاحەدین کراوە،ئەم توێژینەوەیە لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە،کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیبووە لە گەنجانی زانکۆی سەلاحەدین،نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە هەڕەمەکی چینایەتی،گرفتی توێژینەوەکە بریتیبووە لە دەرخستنی ڕۆڵی ئەرێنی و نەرێنی جیهانگیری لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەلای گەنجان،ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبووە لە زانینی جیاوازی لە ئاراستەکان نێوان گەنجەکان بە کاریگەربوونیان بە کلتوری جیهانگیری،لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژوویی و بەراودکاری و ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتوون،لەڕێگای فۆڕمی ڕاپرسی زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە،لەکۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتووە بەم ئەنجامە:

سەبارەت بەئاراستەکانی لاوانی کورد لەبەرامبەر خواست و چاوتێبڕینی ئایندەوە،دەرکەوت کە پەیوەندیەکی بەرزی پەیوەستبوون هەیە لەنێوان کاریگەربوونی تاکەکانی توێژینەوەکە بە بەهاکانی جیهانگیری و خواست و چاوڕوانیەکانەوە،هەروەک زۆرینەی تاکەکانی توێژینەوەکە کۆکن لەسەر پێویستی فێربوونی زمانە بیانییەکان،ئەویش بەڕێژەی(٩٢٪)،تاکو ئاگاداربن لەگشت ئەوڕووداوانەی لەجیهاندا ڕوودەدەن،هەروەها بەهۆی لاساییکردنەوەو خۆپەیوەستکردنی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانەوە بوو،کە جل و بەرگی لاوان گۆڕا، هەروەها ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بەردەستبوونی تەکنەلۆجیایی نوێی بەیەکگەیشتن هەستێکی بەسەربەخۆیی ومتمانە بەخۆکردنی پێ بەخشیون. هەروەها ئامرازەکانی جیهانگیری و کەرستەکانی بوونە هۆی هاندانی زۆرینەی تاکەکانی نموونەکە بەرەو گەشت و شارەزابوونی جیهانیدیکە.

# لیستی سەرچاوەکان


١-ئامێدیان،فەخرەدین(٢٠١٣)فەرهەنگی زاراوەکانی کۆمەڵناسی،سنە:شەمیمی سنە

٢-تەلعەت،ڕابەر(٢٠٠٦)گەنج و بەشداری سیاسی،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

٣-حسین،یوسف(٢٠١٤)کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر کلتور نامەی ماستەر بڵاو نەکراوە،بەشی کۆمەڵناسی،کولێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین

٤-زەنگەنە،عەبدوڵلا(٢٠١١)کلتور و کۆمەڵگا،کەرکوک:چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی

٥-عبداللە،جلال(٢٠١٠)ڕەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەنجان نامەی ماستەر بڵاو نەکراوە،بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین

٦-قەرەداغی،عەتا(٢٠٠٧)کاریگەری کلتوری ئەوان لەسەر کورد،سلێمانی:چاپخانەی ڕوون

٧-الجمعیة العام للأمم المتحدة،بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیە

(https://www.un.org/pga/70/ar/sg/en-pdf-2/) -.،لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/١٧

٨-بەردەستە لەم پێگە ئەلکترۆنیە -،(https //www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/foreigner) :

لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/١٧

٩-بەردەستە لەم پێگە ئەلکترۆنیە

, (https://researchcommons.waikato.ac.nz/handle/10289/9535

لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/١٧